www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14-6-2006 21:58

## چاکسازی ئەرکێکی گەورە و بەردەوام ... جەلال محەمەد عەلی

چاکسازی کارێکی گرنگ و بەردەوامە، بۆ ئەوەی لەگەڵ ژیاندا بەردەوام بین پێویستمان پێیەتی، چاکسازی تەنها بۆ حیزب و حکومەت و ڕێکخراوەکان نییە، بەڵکو بۆ ئەوانە زەرورەتێکی گەورەتر و کاریگەرترە، ئەگینا هەموو تاکێک و هەموو ماڵێک و هەموو فەرمانگەیەک و هەموو قوتابخانەیەک و هەموو دەزگایەک پێویستی بە چاکسازیی بەردەوام هەیە تا بتوانێت ئەرکەکانی بە جوانی ئەنجام بدات، ئەگەر هەر حیزب و حکومەت و فەرمانگەیەک بیری خۆی بهێنێتەوە بۆچی دروست بووە و ئامانجی چییە، ئەوکات دەتوانێت چاکسازی، بکات ئەگینا ڕۆتین و گەندەڵی وێرانی دەکات.

چاکسازی زۆر پێویستە و بە بێ چاکسازی لە کاروان دوا دەکەوین و هەرکاتێک تاک و کۆمەڵ بێباک بوون لە چاکسازی، ئەوکات شتی نوێیان پێ نامێنێ و هیچ زیادە (اچافە) یەکیان بۆ ژیان نابێ و ئێکسپایەر دەبن.

تەنانەت پێغەمبەری ئیسلام دەفەرموێ: (ان الله یبعپ لهژه الامه علی راس کل مئه سنه من یجدد لها دینها) واتە: "خوای گەورە کەسێک یان خەڵکانێک بۆ ئەم ئوممەتە دەنێرێ هەموو (100) ساڵ جارێک تا ئایینەکەیان بۆ تازە و نوێ بکاتەوە". دیارە لێرەدا تازەکردنەوە جۆرێکە لە چاکسازی بۆ ئەوەی بۆ شتە تازە پێشهاتووەکان (اجتهاد) ی تازەیان بۆ بکری لە چوارچێوەی شەرعدا، وەک وتراوە: (الفتوی تتقدر مکانا و زمانا و شخیا) مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە ئیسلام بەو هەموو مەزنییەی خۆیەوە کە بەرنامە و سروش (وحی) ی خوایی و ئاسمانییە، پێوستی بە تازەکردنەوە و چاکسازی هەیە، جا تاک و کۆمەڵ و دەزگاکانی کۆمەڵ وەک حکومەت و حیزب کە بەرهەمی مرۆڤەکانن و بە بینینێکی کورتی مرۆڤانەوە ئیشەکانیان داڕێژراوە، دەبێ بەردەوام چاکسازیی باشی تێدا بکری و تازە بکرێتەوە.

چاکسازی لە دوو بواردا دەکری: یان لە میکانیزم، یان لە کەسەکاندا، بۆیە جاری وا هەیە پێویستە لە هەردوو بوارەکەدا بکری و جاری واش هەیە تەنها لە یەک بواردا یان لە بەشێکی یەک بواردا چاکسازی دەکری، واتە بە پێی پێویست.

دەبێ ئەوەش بزانین چاکسازی کارێکی ئاسان نییە، چونکە هەمیشە لە کاتی گۆڕان و چاکسازیدا دڵەڕاوکێ دروست دەبێت وەک دەروونناسان دەڵێن، هەروەها خەڵکێک هەن دەقیان بە شتە پێشینەکانەوە گرتووە، یان بەرژەوەندییان دەکەوێتە مەترسییەوە، جگە لەمانەش چاکسازی لە جیهانی ئیسلامیدا زۆر ئاسان نییە، چونکە ئەوە نەخۆشییەکی کوشندەیە تووشمان بووە و بە ئاسانی خەڵک بەرەو چاکسازی ناڕۆن، هەروەکو شاعیری گەورەی ئیسلام (محمد اقبال) دەرکی بەوە کردووە و دەڵێ: (عله الشرق ژله واقتدا و ) واتە: (نەخۆشیی ڕۆژهەڵات کزۆڵی و چاولێکەرییە) کە دژی چاکسازی و نوێکردنەوەیە، هەر وەک قورئان هێرشێکی زۆر دەکاتە سەر (الآبائیە) و ڕەخنەی زۆریش لەوانە دەگرێت کە ڕەفزی ئاینی خوایان دەکرد بە بیانووی ئەوەی گوایە لەسەر ئاینی باوباپیرانیان پەیامی ئاسمانی پێغەمبەریان ڕەت دەکردەوە، بۆیە دەبینین لە چەندین شوێنی قورئان و لە چەندین سورەتدا و چەندین جار ڕەخنەی توند ئاراستەی ئەو هەڵوێستەی ئەوان دەکات کە بە بیانووی (الآبائیە) و بوون و مانەوە لەسەر ئاینی باوباپیرانیان و هەر ئایینێکی ئاسمانی و شتی باش و نوێ ڕەت دەکەنەوە.

بەڵام چاکسازی و نوێگەری ئەوە نییە لە ژێر کاریگەریی هزری ڕۆژئاوادا و بە ناوی جۆراوجۆرەوە حەڵاڵ و حەرامەکانی ئیسلام تێکەڵ و پێکەڵ بکەیت و هەموو شت بە ڕەوا سەیر بکەیت و شتە جێگرەکانی ئیسلامیش هیچ پیرۆزییەکی نەمێنێ، چونکە لەو حاڵەدا شتێک نامێنێ ناوی ئاینی خوا بێت، بەڵکو ئەو کاتە دەبێتە ئاینی ئارەزوو یان ئاینی داواکراو، نەک پەیام و بەرنامەی خوا.

چاکسازی ئەوکاتە پێویستە کە تۆ بزانیت شتێکی باشتر هەیە لەوەی تۆی لەسەریت، جا ئیتر لەو حاڵەتانەدا دەبێت خێرا هەوڵی هێنانی شتە تازەکان بدەیت و جێگیریان بکەیت لە جێگەی شتە تازەکاندا، یان چاکسازی کاتێک پێویستە هەست بە هەڵە بکرێت و سەرکەوتن نەبینرێت، بۆ نموونە ئەگەر خێزانێک سەرکەوتوو نەبوو لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیدا، پێویستە بیر لە چاکسازی بکاتەوە و پرس بە پسپۆڕ و کەسانی شارەزا بکات و هەروەها سود لە ئەزموونی ئەو خێزانانە وەربگرێت کە سەرکەوتوون لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیاندا و لە قوتابخانەشدا منداڵەکانیان زیرەک و سەرکەوتوون.

سیاسەتێک کە سەرکەوتوو نابێت دەستبەجێ سیاسەتمەدارەکان دەبێت هەوڵی گۆڕینی بدەن، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی پێشکەوتن و گەشەکردنی حکومەت و حیزب و کۆمەڵگە، بەداخەوە ئێمە (15) ساڵە لە نەهامەتیی (فیفتی . فیفتی) دا دەژین، ئەوەتا جارێکی تر گەڕاینەوە سەر هاوشێوە و هاووێنەکانی (فیفتی . فیفتی) و حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆنیش خۆیان کردە بەشێک لەو حاڵەتە مەترسیدارە.

کەواتە ئەگەر چاکسازی زەرورەتێک بێت، ئایا ئەو ڕەگەزانە چین تا بتوانین بە هۆیەوە چاکسازیی باش ئەنجام بدەین؟

## 1- چاکسازەکان (المصلحين) :

دەتوانم بلێم یەکێکە لە رەگەزە هەرە گرنگەکانی چاکسازی و بە بی ئەمانە چاکسازی کردن مەحاڵە، چاکسازکارەکان دەبێت خاوەنی کۆمەڵێک خەسڵەتی تایبەتی بن، ئەگینا هەموو کەس ناتوانی ئەو رۆڵە ببینی، لەو خەسڵەتانەش بوێری و ژیری و کۆڵنەدان و گەشبین بوون و بیرنەکردنەوە لە بەرژەوەندیی خۆ و زاڵکردنی بەرژەوەندیی کۆمەڵ بەسەر بەرژەوەندیی تاکەکاندایە، چونکە ئەگەر کەسێک هەر خەمی بەرژەوەندیی خۆی بێت، ئەوە پیاوی چاکسازی نییە و خۆی دەبێتە بەشێک لە گەندەڵییەکان، هەروەها چاکساز دەبێت پێشەنگێکی جوان و شیرین و گەورە بێت، ئەگینا ناتوانرێت لەو رێگەیەدا سەرکەوتوو بێت، بۆیە شاعیری گەورەی ئێرانی (حافزی شیرازی) دەڵێ:

صلاح كار كجاو من خراب كجا

ببين تفاوت ره از كجاست تا بەكجا

واتە: "چاکسازیی کارەکان لە کوێ و منی خراپ لە کوێ، سەیر کە جیاوازیی رێگە لە کوێوەیە تا کوێ".

جا ئەگەر گەندەڵی رووی کردە سەرکردە و چاکسازەکان، ئیتر ئومێدی چاکسازی لاواز دەبێت و ئەوکات وەکو ئەو پیاوەمان لێدێت کە ویستبووی ماسی بکڕێ، لە پێشدا سەیری کلکی ماسییەکانی کردبوو! کاکی ماسی فرۆشیش پێی وتبوو خەڵکی لە سەر و گوێی ماسی دەڕوانن تا بزانن خراپە یان چاک، کەچی تۆ سەیری کلکی دەکەیت!؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ: من دڵنیام کە سەر و گوێچکەکان خراپ بوون و بۆگەنیان کردووە، بەڵام دەمەوێ بزانم ئایا بۆگەنییەکە گەیشتووەتە کلکیان!

هەروەها خوای گەورە لە قورئاندا دەربارەی چاکسازی دەڵێ: (إِنَّ اللَّهَ لَا يُصْلِحُ عَمَلَ الْمُفْسِدِينَ) واتە "خوا کاری خراپەکار و گەندەڵەکان سازش ناهێنێ".

پێویستە ئەوەش بڵێین کە چاکسازان دەبێت هەوڵی زۆرکردنی ژمارەی خۆیان بدەن، ئەگینا بە چەند کەسێکی کەمەوە چاکسازی مەحاڵە. بەراستی هەمیشە چاکسازان پارێزەری کەشتیی نیشتمان و گەلن و ناهێڵن ژێر ئاو کەوێت، لە کۆتایی ئەم خاڵەدا دەبێت ئەوە بزانرێت کە ئیرادە و خواستی راستەقینە هۆکارێکی گەورەی سەرکەوتنی هەر چاکسازییەکە.

## 2- پلان و کاری چاکسازی:

گەورەترین کێشەی جیهانی ئیسلامی ئەوەیە ئێمە (مبادی و ) مان هەیە و میکانیزم دیار نییە، واتە هەمیشە ئامۆژگاری پێشکەش دەکەین وەکو ئەوە وابێ لەسەر مینبەر بین، بەڵام بە شوێنی میکانیزمدا ناگەڕێین، دیارە بۆ هەر چاکسازییەک پێویستمان بە دیاریکردنی ئەو شتانەیە کە دەمانەوێ بیگۆڕین و چاکسازیی تێدا بکەین، هەروەها دەبێ رەخنەی شیاومان هەبێت لەوانەی کە دەمانەوێ بیگۆڕین و بەدیلی شیاویشمان هەبێت بۆیان، تا قەناعەت بە خۆمان و دەوروبەریش بهێنین کە چاکسازی لەو شوێن و شتەدا پێویستە. مەبەستم لێرەدا ئەوەیە کە دەبێ بوارەکانی چاکسازیکردن دیاری بکەین و دواتریش چۆنیەتی و میکانیزم و کەسەکانی ئەو گۆڕان و چاکسازییە دیاری بکەین و هەروەها کاتی پێویستی بۆ دیاری بکەین، ئەگینا چاکسازییەک بە بی دیاریکردنی کات و میکانیزم گاڵتەجاڕییەکی گەورەیە.

## 3- شەفافیەت:

بۆ هەر چاکسازییەک پێویستمان بە شەفافیەتی تەواو هەیە، جا ئیتر ئەو چاکسازییە لە حکومەتدا بێت یان لە حیزب و هەر دەزگا و جێگەیەکی تردا بێت.

هەر ئەوەش بەس نییە ئێمە بڵێین شەفاف دەبین و رای جیاوازمان پێ قبوڵە، بەڵکو دەبێت میکانیزم هەبێ بۆ شەفاف بوون، بۆ نموونە بەشداریکردنی رۆشنبیران لە هەر چاکسازییەکدا بە کۆبوونەوە لەگەڵیاندا و کۆڕگرتن بۆیان و داواکردن لێیان تا لە رۆژنامە و بەرنامە تەلەفزیۆنییەکاندا را و پێشنیار و قسەی خۆیان بکەن لەو بوارەدا کە دەویسترێ چاکسازیی تێدا بکری.

وەک وێنەیەک.. کاتێک دەمانەوێ چاکسازی لە وەزارەتی پەروەردەدا بکەین، دەبێ ماوەیەک تەرخان بکەین تا لەسەر ئەو وەزارەتە و مەنهەجی قۆناغەکانی خوێندن بنووسرێت و بووترێت و کۆمەڵێک پسپۆڕ و شارەزا تەرخان بکرێن بۆ بەدواداچوونی وردی ئەو را و سەرنجانە تا چاکسازیی قووڵ و جددی ئەنجام بدرێت و تەنها چەند پسپۆڕ و شارەزایەک میکانیزم و شێوازی چاکسازییەکە دیاری نەکەن.

بۆ چاکسازییەکان نابێت هەر تەنها رای سیاسەتمەدارەکان وەربگیرێن و هیچ رایەکی تر حیسابی بۆ نەکری، نابێت بە ناوی ئەوەوە گوایە شەفافیەت و رای جیاواز گەل تووشی لاوازی دەکات، لەم رێگەیەدا هەنگاو نەنرێت، بەراستی ئەوەی گەل تووشی لاوازی دەکات زوڵم و

ستەم و نەبوونی ئازادییە، بەهێزبوونی رۆژئاوا لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا لەگەڵ ئەو هەموو شەفافیەت و رای جیاوازەدا باشترین بەڵگەیە، بەڵکو رای جیاواز بووەتە هۆی پێشکەوتنی ئەو وڵاتانە.

## 4- چاکسازیی هەمەلایەنە:

دەبێت هەر لایەنێک پێویست بکات چاکسازی تێدا بکرێت لەبیر نەکرێت، هەروەها چاکسازی لە شتە بچووکەکاندا نەکری و شتە گەورەکان لەبیر بکرێن. بە واتایەکی تر.. نابێت چاکسازی لە هەندێ شتدا بکرێ هەر بۆ ئەوەی بووتری چاکسازی کراوە و شتەکانی تریش لەبیر بکرێن، ئەگینا ئەوکات چاکسازییەکە لە پینەیەکی گەورە و بێ ماناوە دەردەچێت و رەنگە لەوێشەوە ئومێدی چاکسازی زۆر لاواز بکات.

بۆ نموونە نیزامی (فیفتی ـ فیفتی) ی دەسەلات لە کوردستاندا هەرەسی هێنا و زیانی گەورەشی بە گەل و ژیانی سیاسی گەیاند، کەچی ئێستا بەداخەوە حکومەتی کابینەی (5) هەر لەسەر هەمان نیزامی (فیفتی ـ فیفتی) دامەزراوە، بەلام ئێستا نزیک بووەتەوە لە (چل بە چل) کە هاوشێوەی حاڵەتی پێشووە و هەر هەمان شێوەی دەسەلاتی پێشووترە و دەسەلاتیش هەر لە دەستی هەردوو حیزبی پارتی و یەکێتیدایە و حیزبەکانی تریش هەر تەنها بۆ شکستدان بە ئۆپۆزسیۆن و هەرەسهێنان بە بەرهەڵستکاری بەشداری پێ کران ـ دیارە حیزبەکانی تر بە گشتی و بەتایبەتی یەکگرتووی ئیسلامی کە ئومێد دەکرا ببێتە موعارەزەیەکی جددی ـ رۆڵێکی گەورەیان هەبێت لە چاکسازیدا، بە داخەوە ئەوانیش خۆیان هاوێشتە ناو نیزامێکی تاقیکراوەی (فیفتی ـ فیفتی) کە هەردوو حیزبی دەسەلات چەندین ساڵە گیریان خواردووە بە دەستیەوە، چونکە خودی ئەو جۆرە نیزامە گەندەڵی بەرهەم دێنی و هەروەها بواریش بۆ کەسی تر جگە لەو دوو حیزبە نارەخسێنێ خاوەنی بریار بن و بتوانن چاکسازی بکەن. ئومێد دەکەم ئەم حکومەتە بتوانێت هەندێ چاکسازی بکات و خزمەت بە هاوولاتیانی کوردستان بکات، بەلام لە هەمان کاتدا هەرگیز ناتوانم قەناعەت بە خۆم بکەم کە ئەم کابینە تازەیەی حکومەتی هەرێم بتوانێت چاکسازی بکات، چونکە جۆری نیزامەکە یارمەتیدەر نییە.

## 5- پلە پلەیی لە چاکسازیدا:

چاکسازی بە یەکجار واتە بە (جملە) ناکری و، پێویستە هەمەلایەنە بێت و لەسەرخۆ، تا هەموو چاکسازییەکە تیا نەچێت، بۆیە (عائشە ـ خوای لێ رازی بێت) دەڵێت:" کاتێک پێغەمبەری ئیسلام هات، یەکسەرە و بە کۆ هەموو شتەکانی بە خەڵک رانەگەیاند و پێیان بڵێ ئەمانە هەمووی خراپ و حەرامن و دەبێ وازی لێ بهێنن، بەڵکو کەم کەم شتەکانی خۆی بە خەڵک گەیاند، ئەگەر هەموو شتەکانی بە یەکجاری و بە کۆمەڵ رابگەیاندایە، ئەوانیش (واتە خەڵک) بە کۆمەڵ رەتیان دەکردەوە".

جا بۆیە (شوعەیب ـ پێغەمبەر) (سەلامی خوای لێ بێ) بە گەلەکەی دەڵێ ـ وەک لە قورئاندا باس کراوە ـ: (.. إِنْ أُرِيدُ إِلاَّ الإِصْلاَحَ مَا اسْتَطَعْتُ... ) واتە:"من دەمەوێت چاکسازی بکەم چەندم پێ بکری و لە توانامدا بێت". دیارە ئەگەر شتەکان بە پلە پلە بن، چاکسازەکان دەتوانن چاکسازی بکەن و زاڵ بن بەسەر کۆسپەکاندا، بەلام ئەگەر بە یەک جار و بە کۆمەڵ بێت، ئەوە مەحاڵە چاکسازی بکری، هەروەک لە کوردەواریی خۆشماندا وتراوە: (بەردی زل هەڵگرتن، نیشانەی نەوەشاندنیەتی) ئینگلیزەکانیش قسەیەکی گرنگیان هەیە چەندین ساڵە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا خۆیان و رۆژئاواییەکان کاری پێ دەکەن، قسەکەش دەڵێ: (Slow but Sure) واتە (لەسەرخۆ، بەلام با ئامانجەکان مسۆگەر بن) . بە کورتییەکەی پلەپلەیی یاسایەکی گەردوونییە و رەچاونەکردنی هۆکاری تێکشکانە بۆ هەر کەسێک کە حیسابی بۆ نەکا.

## 6- رژێمێکی چاکساز:

بۆ ئەوەی چاکسازیی دروست و چاک بکەین لە تاک و کۆمەڵ و حکومەت و حیزبدا، پێویستمان بە نیزامێکی چاک هەیە، ئەگینا بە (موعقە) هەموو شتەکان چاک ناکرێن، دەبێ ئەوە بزانین کە رژێمێکی چاک تاکی چاک و کۆمەڵی چاک بەرهەم دێنێ و پێچەوانەکەشی هەر راستە، واتە رژێمێکی خراپ تاک و کۆمەڵی خراپ بەرهەم دێنێ و بەڵکو بەرەو خراپتریان دەبات، بۆیە پێویستە یاسایەکی باش و تۆکمە هەبێ و هەموو کەس یەکسان بێ بەرامبەری و رێزی تەواوی لێ بگیرێ تا ئەو یاسایە بتوانێت پاداشتی چاکەکان بداتەوە و سزای خراپەکانیش بدات و هەموو شتەکان نەکەوێتە دەستی تاکەکەس یان حیزبێک بریاری هەموو ژیان بدات، بەڵکو یاسا هەموو گەل بریاری لەسەر بدات.

پێویستە لەو نیزامەدا رۆڵێکی باش بۆ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دانرێت تا چاودێری چالاک بن لەسەر ئیش و کارەکانی دەوڵەت، هەروەها دەوڵەتیش کە بودجەیان بۆ دابین دەکات دەبێ لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات تا بزانێت ئایا بە ئەرکی خۆیان هەڵساون..
ئەم نیزامە چاکە دەبێ گەل و دەوڵەت پێکەوە هەوڵی بۆ بدەن و گەل رۆڵی سەرەکی ببینێ و هەر چاوەڕێ نەبێ چاکسازیی بۆ بکری، بۆیە قورئان دەفەرموێ: (إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنفُسِهِمْ) واتە:" خوا گۆڕانکاری دروست ناکات تا ئێوە خۆتان هەوڵی بۆ نەدەن". هەروەها پێغەمبەری خوا دەفەرموێ: (كما تكونوا يول عليكم) واتە" ئێوە ئەی گەلان خۆتان چۆن بن فەرمانڕەوای لە شێوەی خۆتان دەبێتە فەرمانڕەواتان". ئەم فەرموودەیە قسەی زۆر هەڵدەگری، بەڵام ئەمڕۆ جوانتر هەستی پێ دەکری و روونتر دەرکی پێ دەکری کاتێک دەبینی لە وڵاتێکی دیموکراسیدا جەماوەر بە ئاشتییانە و لە رێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە دەنگ دەدەن بە فڵان حیزب و فڵان حیزبیش کەنار دەخەن لە دەسەڵات و خۆیان چۆن و چ جۆرە فەرمانڕەوایەکیان بوێت دەیهێننە سەر کورسیی دەسەڵات، کە وا بوو پێویستە لێرەدا بڵێین گەل رەگەزێکی گرنگی هەر چاکسازی و گۆڕانکارییەکە، بەتایبەتیش ئەگەر گەلێکی هۆشیار و دلێر بن.

## 7- ئۆپۆزسیۆن:

بەرهەڵستکاری و موعارەزە کارێکی گەورەیە و رۆڵێکی زۆری هەیە لە چاکسازیکردن لە ژیانی سیاسی و هەموو بوارەکانی ژیاندا و، پێم وایە ئەگەر رای تر نەبێت هەموو ئەوانی تر زیاد دەبن لە ژیاندا و سودێکیان نابێت، جا ئەو رۆڵە گەورە بۆ موعارەزەبوون حیزبەکان دەتوانن بیگێڕن ئەگەرچی بەداخەوە دەڵێم ئۆپۆزسیۆن لە جیهانی ئیسلامیدا لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری زۆر لاواز نەیتوانیوە کاریگەریی ئەوتۆی هەبێت لە سەر ژیانی سیاسی و چاکسازیکردن و، کوردستانی خۆیشمان نمونەیەکی ئەو حاڵەتەیە کاتێک بینیمان موعارەزە هەرەسی هێنا بەوەی هەموو حیزبەکان چوونە نێو دەسەڵاتەوە و نەیانتوانی ببنە ئەو هێزە سێیەم و موعارەزە جددییە کە جەماوەر بە شوێنیدا دەگەڕێ و عەوداڵێتی! پێش ئەوەی لەم خاڵە دەرچین، پێویستە ئەوەش بڵێین کە پێغەمبەران وێنەی جوان و بەرزیان پیشان دا لە گفتوگۆکردن لەگەڵ نەیارەکانیاندا و لە هەوڵدان بۆ چاکسازیکردن لە ناو گەلەکانیاندا، کەواتە وێنەیەکی جوانی موعارەزە بوون و پێویستە سودیان لێ وەربگیرێت.

## 8- ئافرەتان و رۆشنبیران و قوتابیان:

بۆ هەر پرۆژەیەکی چاکسازی پێویستە ئەم سێ توێژە بەشدار بن چ بۆ دانانی میکانیزم یان بۆ جێبەجێکردن، پشتگوێخستنی ئافرەتان کە نیوەی کۆمەڵن و بە توێژێکی دڵسۆز ناسراون بۆ کارەکانیان، هەر لە سەرەتاوە شکستێکی گەورەیە بۆ هەر چاکسازییەک، هەروەها قوتابیان و رۆشنبیران هەمیشە رۆڵێکی گەورەیان هەبووە لە چاکسازییەکاندا، بۆیە پێویستە بۆ هەر چاکسازییەکی جددی ئەم توێژانە چ وەک خۆیان ئامادەییان هەبێت و چ وەک ئەوانەی چاکسازی دەکەن دەبێ لە ریزی پێشەوەی چاکسازیدا دایانبنێین، ئەم توێژانە دەتوانن زەرورەتی چاکسازی بە گەل رابگەیەنن و لەوێشەوە چاکسازی زەمینەی بۆ دروست بکرێت، چونکە گەل دەتوانێت گۆڕانکاریی گەورە و راستەقینە دروست بکات کاتێ بەئاگا بێت.

## 9- چاکسازیی لایەنی فیکری:

بۆ هەر چاکسازییەکی راستەقینە پێویستە لایەنی هزر و بیر بوارێکی باشی پێ بدرێت، چونکە وەک وتراوە کارەکان سێبەری هزر و بەرەنجامی فیکرن، (رۆجیە گارودی) دەڵێ: "هەموو کردەوەکانی مرۆڤ بەرهەمی بیر و هۆشیەتی، کەواتە سەرەتای هەموو راپەڕین و چاکسازییەک راستکردنەوەی بیرە"، کەوابوو هەر چاکسازییەک بە بی چاکسازیی لایەنی هرز و فیکری شتێکی مەحاڵە و شتێکی رواڵەتی و کاتییە، دەبێت و گۆڕان و چاکسازی قووڵ دروست ناکات.
بە نموونە دەیهێنمەوە کەسێک لای ئێمە دزی لە گەل و وڵاتی خۆی دەکات و شانازیی پێوە دەکات و رەنگە خەڵکێکیش هەبن چەپڵەی بۆ لێبدەن و خۆزگەی پێ بخوازن، دەبێ ئێمە ئەو حاڵەتە بەوپەڕی قێزەونی و ناشیرینییەوە پیشانی خەڵک بدەین، ئێستا لە رۆژئاوادا درۆ کردەوەیەکی زۆر ناشیرینە لای ئەوان، هەرچەندە زۆریش دوورن لە دیندارییەوە، چونکە لەوێ درۆ زۆر ناشیرین کراوە لای هەموو کەس و لە فیکری هەموو تاکێکدا، کە وا بوو چاکسازی سەرەتا لە فیکرەوە دەست پێدەکات و پاشان بە کردەوە دەبێت، بە دڵنیاییشەوە دەڵێم لە هەر وڵاتێکدا هزر و فیکری تیا لاواز بوو، چاکسازیی تێدا لاواز دەبێت.

## 10- خەباتی مەدەنی و هاوچەرخ:

چاکسازی لە هەر بوارێکی ژیاندا پێویستی بە خەباتی مەدەنی و هاوچەرخ هەیە، عەقڵی شەڕەنگێزی هەرگیز ناتوانێت چاکسازی بەرهەم بێنی.

چاکسازی خۆی کارێکی مەدەنییە و دەبێت کەسانی مەدەنی کاری بۆ بکەن و عەقڵە عەسکەرتارییەکان بۆ ئەم بوارە ناشێن و توانای ئیشکردنیان نییە تیایدا، ئەگەرنا وەکو قەلەڕەشەکەیان لێدێت ویستی فێری ڕەوتی سوێسک بێت، کەچی فێری نەبوو، سەرەڕای ئەوەش ڕەوتی خۆیشی لەبیر کرد.

هەموو ڕژێمە عەلمانییەکانی جیهانی ئیسلامی بە کودەتا و بە شێوازی عەسکەری و شۆڕشی خوێناوی هاتوونەتە سەر کورسیی دەسەڵات، بۆیە دوورترین کەسانێکن لە چاکسازی و قبوڵکردنی هەر جۆرە چاکسازییەک تەنانەت ئێستا لە ژێر زەبر و زۆری ئەمریکاشدا هێشتا هەنگاوەکانیان زۆر لەسەرخۆیە و ناتوانن دەستبەرداری خواستەکانی خۆیان بن و ناتوانن ڕۆڵی چاکسازی ببینن و، ڕۆژێک لە ڕۆژان نەمانبینی یەک سەرۆکی عەلمانیی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی واز لە دەسەڵات بێنێ و بە ئاشتییانە کورسییەکەی بەجێ بهێڵێ، کەچی سەرۆکی ئەفریقای باشوور (نیلسۆن ماندێلا) دوای ئەوەی (25) ساڵ لە بەندیخانەدا بوو لە پێناو گەلەکەیدا و خەباتێکی دوور و درێژی کرد، لەو پێناوەدا کاتێک گەلەکەی گەیاندە ئامانج و مافی خۆی، هەر زوو ئاشتییانە و ئارەزوومەندانە وازی لە کورسیی دەسەڵات هێنا و بوویە ڕەمزێکی گەورە و جوان بۆ گەلەکەی خۆی و گەلانی جیهانیش، شیاوی ئەوەشە هەموومان شانازی بە پیاوێکی وەک (ماندێلا) وە بکەین وەک ئەزموونێکی مرۆڤانەی سەرکەتوو.

گەورەترین خەبات و جیهاد خەباتی ئاشتییانەیە، وەکو پێغەمبەری ئیسلام ئیشارەتی پێ دەکات و دەفەرموێ: (افضل الجهاد كلمة حق عند سلطان جائر) ئیمامی ئەحمەد ریوایەتی کردووە. واتە:"باشترین جیهاد و تێکۆشان وشەیەکی هەقە بەرامبەر دەسەڵاتدارێکی ستەمکار".

خەباتی ئاشتییانە بەهێزی وشە دەکرێت کە پیاوێکی وەکو (غاندی) توانی بە ستراتیژیەتی بەکارنەهێنانی توندوتیژی (استراتيجية اللاعنف) گەورەترین ئیمپراتۆریەت تێکبشکێنێ، بەڵام بەداخەوە موسڵمانان نەیانتوانی ئەم ستراتیژیەتە پەرە پێبدەن.

سەرچاوەکان:
1- الحركة الاسلامية و مسألة التغيير / راشد غنوشي.
2- حتى لا تغرق السفينة / سلمان العودة.
3- الحريات العامة في الدولة الاسلامية / راشد غنوشي.
4- مهزلة العقل البشري / د. علي الوردي.
5- ضاكسازی / نامیلكة.
6- اعمال العقل / لؤي صاف